<u>له سایەی حکومەتی کاتی و بڕیاری مەجلسی ئەمندا</u>

# خەڵکی کوردستان قوربانی چ سیاسەتێکە؟

لە ڕوداوەکانی دامەزرانی حکومەتی کاتی عیراق و دەرچونی بڕیاری (1546) ی مەجلسی ئەمندا ،خەڵکی کوردستان بو بەقوربانی . لە حکومەتی کاتیدا بوە قوربانی شەڕی تەقسیماتی مۆرکی قەومی و ئیسلامی لەدەسەڵاتدا و لە بڕیاری مەجلسی ئەمنیشدا بوە قوربانی سازشی ئەمریکا لەگەڵ شیعەی سیاسیدا. یەکێتی وپارتی لەم دوو جەولە دۆڕاوەدا هیچیان نەبوو تاکو پاساوی سیاسەتی شکست خواردویانی پێ بکەن جگە لەوەی لەیەکەمدا بڵێن " ئێمە پلەوپایەمان بۆ گرنگ نی یە "، وە لە بڕیاری مەجلسی ئەمندا ووتیان گرنگ ئەوەیە "ناو" ی فیدرالیزم هاتووە. ئەوەی خەڵکی کوردستان لەم دوو ڕووداوە بینیان قوربانی بونی چارەنوسی سیاسیان بوو ،یەکەمیان بەوەی مۆرکی کورد بون کرابە نیشانەی پلەدوویی ،وە لەدوەمیاندا بەوەی دیاریکردنی ئایندەی سیاسی ئەوان لەهیچ حساباتێکی نێو دەوڵەتیدانیە.خەڵکی کوردستان بەرامبەر بەم وەزعیەتە نارەزایەتی خۆیان دەربڕی و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە ئایندەی سیاسیان گەیاندنیە ئەوەی هەردوو حزبی حاکم بە بەرپرس بزانن و ڕەخنەیان لێبگرن،بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە خەڵکی کوردستان قوربانی چ سیاسەتێکە؟ ئایا ئەگەر پۆستی سەرۆکایەتی بۆ یەکیتی و پارتی دەتوانێت بەر بەوە بگرێت کە خەڵکی کوردستان نەبێتەوە هاوڵاتی پلە دوو یاخود قانونی ئیدارەی کاتی عیراق دەتوانێت ئایندەی بێمەترسی بۆ کوردستان مسۆگەر بکات؟

بە پێچەوانەوە شەڕ لەسەر تەقسیمی پۆستی سەرۆکایەتی بە پێی کورد و شیعە و سونی ، دیاریکردنی نەخشەی سیاسی عێراق بە پێی تەقسیمی فیدرالیزمی قەومی سەرچاوەی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان و چارەنوسی سیاسی کوردستانی ببێتە قوربانی. چونکە لەم شەڕانەی لەسەر بەشکردنی حصەی ناسیونالیزمی کوردە لەگەڵ ناسیونالیزمی عەرەبی سونی و شیعەی سیاسیدا یەکێتی و پارتی مەیداندارێکن کە بە پێی مێژوو سەلماندویانە دۆڕاون و خەڵکی کوردستانیش بوەتە قوربانی سیاسەتی شەڕی ئەوان لەسەر بەشیان لە دەسەڵاتدا. هەروەك ئەم دوو ڕوداوە نیشانی دەدات بە پێچەوانەی ئیدعاکانی مەسعود وجلالەوە ئەوەی لەم دوو ڕوداوەدا نەخراوەتە ڕوو ئەوەیە کە دەوری خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی حکومەتی کاتیدا چییە و لە بڕیاری مەجلسی ئەمندا مافی خەلکی کوردستان لەبڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسیان لەکوێیە؟ کێ دەتوانێ بەو دڵ فراوانیەی ئەم دوو کەسە باوەڕ بکات کە پۆستیان بۆ گرنگ نییە لەکاتیکدا چوارساڵ شەڕی ناوخۆیان لەسەر باڵادەستی کرد . ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لەم دەورەی شەڕی تەقسیمی پۆستەکاندا ڕابەرانی ناسیونالیزمی کورد سەردادەنەوێنن بۆ تەسلیمی پۆستی سەرۆکایەتی بە پێی باڵادەستی سونە و شیعە و بەم پێیەش پلەدوویی کورد بون لەو حکومەتەدا دەکەنە ئەمری واقیع . بەڵام سەرچاوەیی قوربانی بونی خەڵکی کورد لەوەرگرتن یان نەگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی نییە لەلایەن یەکێتی وپارتی یەوە بەڵکو لەوەدایە کە چارەنوسی خەڵکی کوردستان و مافی یەکسانی هاوڵاتی بونیان دەدرێتە دەست دەوڵەتێك کە لەسەر بنەمای تەقسیماتی شیعەو سونە وکورد بون دامەزراوە و شەڕ لەسەر باڵادەستبونی هەرکام لەم مۆرکانە و سەپاندن و بەڕەسمیەت ناسینی پلەدوویی ئەوانەی ترە . حکومەتێك کە لەعێراقدا تەعریف کراوە بە پێی نیزامی حصەی سیانی ( کورد – شیعە – سونی ) نەك ناتوانێت کێشەکانی عیراق و کێشەی کورد چارەسەر بکات ومافی یەکسان بدات بە هاوڵاتیان بەڵکو خۆی دەبێتە سەرچاوەی کێشە. سپاردنی مۆرکی دەوڵەت و پلەو دەسەڵاتەکانی لە عێراقدا بەم تەقسیماتە قەومی ومەزهەبیە ڕەسمیەتپیدانی پلەبەپلەکردنەی هاوڵاتیانی عێراقە بە پێی ئەم هەویە قەومی ومەزهەبیانە، ئەمە هەمان سیستەمی ئاپارتاید و جیاوازی ڕەگەزی بەعس و حکومەتە قەومیەکانی پێشووی عێراقە . ئەگەر ناسیونالیزمی کورد لەسایەی بەرژەوندی حزبەکانیدا پلەدوویی بۆ خۆی هەڵبژێرێ ئەوە پەیوەندی بەتەوازنی هێزیەوە هەیە لەبەرامبەر ڕەقیبە سونی وشیعەکانیاندا بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە چارەنوسی خەڵکی کوردستان لەسایەی باڵادەستی حکومەتی سونی و شیعە دا چی بەسەر دێت؟ خەڵکی کوردستان قوربانی ئەم مۆرکە قەومی و مەزهەبیەی دەوڵەتە نەك گۆڕینی مۆرکی عەرەبی بەکوردی. لەم نیزامە سیاسیە قەومی و مەزهەبیەدا هەمیشە شەڕ لەسەر ئەم باڵادەستیە دەبێت و بەدەست نەهینانی پۆستی باڵادەستی هەمیشە دەبێتە بیانو و بابەتی شەڕو کێشەی نەبڕاوە ، نمونەی حکومەتی فیفتی – فیفتی یەکێتی وپارتی زۆر تەمەن درێژتر بوو لەم تەمەنی چاوەڕوانکراوی ئەم جۆرە حکومەتە فیدرالیەی ئێستا. هەر ڕێکەوتنێکیش کە لەنێوان ئەم هێزانەدا بێت شتێکی کاتیە و لەسبەینێی هەر گۆڕانێکی تەوازنی هێزدا ئەو ڕیکەوتنانە بەهەوادا دەچن. نمونەی قانونی ئیدارەی حکومەتی کاتی عیراق ئاوێنەی ئەو پێکەوە هەڵنەکردنەی شیعەی سیاسی و ناسیونالیزمی کوردە کە لەچەند مانگی ڕابردوودا چەندین جار دژ بەیەك ڕاوەستاون. لەم تەقسیماتی فیدرالیزمی ئەمری واقیعەی حکومەتی کاتیدا ناسیونالیزمی کورد خۆی بە زوڵم لێکراو دەزانێت و لەسەر پەتی دۆستایەتی ئەمریکا و هاوپەیمانێتی شیعەی سیاسی و سونەی ناسیونالیستی عەرەبیدا هەر پایەکیش دەکات دۆڕاو دەردەچێت و هونەرێکی لەسیاسەتدا نەماوە جگە لەوەی قەناعەت بەخۆی بکات کە شکستی نەخواردوە و خەڵکی کوردستان بە فیدرالیزمە زێڕینەکەی فریو بدات .

ئەوەتا دوای ئەوەی ئەمریکا لە مەجلسی ئەمندا پشتی ناسیونالیزمی کورد بۆ سیستانی لە زەوی دەدات و لەخەتی سووری مەسعود بارزانی دەپەڕێتەوە تاکو ئاگری هەڕەشەکەی سیستانی بکوژێنیتەوە ،هێشتا پاساوی یەکێتی وپارتی ئەوەیە کە گرنگ ئەوەیە دەستکەوتی گەورەتریان بەدەست هێناوە و خاڵی بەهێزی بڕیارەکەی مەجلسی ئەمن بەوە دادەنێن کە دانی بە داخوازی مەزن و مافی خەڵکی کوردا ناوە لەبەر ئەوەی ناوی فیدرالیزمی تێدا هاتووە. هەرچەند لەوبڕیارەدا ناوی فیدرالیزم وەك ناوی دیموکراتی وشتی تر بۆ ڕازانەوەی بڕیارەکەیە و هیچ هەنگاوێکی جەوهەری بۆ کارپێکردنی و بگرە هیچ وردەکاریەك لەسەر ئەو " فیدرالیزمە" نەهاتووە کە تەفسیری جۆراوجۆر لە فیدرالیزمی پاریزگاکانەوە تاکو فیدرالیزمی قەومی و مەزهەبی وهتد ..هەیە. پرسیاری خەڵکی کوردستان ئەوەیە تەنانەت ئەگەر ئەم فیدرالیزمەی ئێستا لە پیکهێنانی حکومەتی کاتی و قانونی کاتیدا کاری پێبکرێت هیچ مافێك و ئایندەیەکی خەڵکی کوردستان مسۆگەر بوە ؟ تاکەی دەبێت چارەنوسی خەڵکی کوردستان وەك خواردنی دەم قولاپی سیاسەتی ئەمریکا بێت لەعێراقدا کە دەبینە قوربانی ڕاوکردنی نێچیری بالادەستی ئەمریکا لە عێراقدا. پشت گوێخستنی کێشەی کورد و باس نەکردن لە سەلماندنی مافی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان لەبڕیاری مەجلسی ئەمندا ئەو ئایندەیە دەخاتە پێش چاوی خەڵکی کوردستان کە ئەمریکا کارتی مەسەلەی کوردی لە عیراقدا سەرف کردوە و کاری لەمەوداوی لە قالبدانی ئەو سەربەخۆییە دیفاکتۆیەیە کە مەوجودە. دابەشکردنی عێراق بەسەر چەند ناوچەی جیاوازدا کە هەر کانتۆنەی لەسایەی بالادەستی ئەمریکادا پاسەوانێکی محەلی بۆ دابنێت ئەو نەخشە فیدرالیە دەبێت کە ئەمریکا لەبڕیاری مەجلسی ئەمندا و لە سیاسەتی خۆیدا بەشوێن جێبەجێکردنیەوەیە. نە حکومەتەکانی هەرێمی یەکیتی وپارتی و نە میلیشیاکانیان مانەوە و دەسەڵاتداریتیان مسۆگەرە و نە ئەو تەقسیماتە فیدرالیانەش کە ناسیونالیزمی کورد لە عێراقدا خەویان پێوە دەبینێت. پرۆژەی فیدرالیزمی یەکێتی و پارتی لەهەموو کاتێك زیاتر ئێستا لەژێر زەختی نارۆشنیەکانیدا ئاسۆی دەسەلاتدارێتی یەکیتی و پارتیان لێڵ کردوە و هەربۆیە لانی کەمی داواکانیان کە خۆی لە قانونی کاتیدا دەبینیەوە بەر یەکەم شەپۆلی ئەم یەکلایی کردنەوەی دەسەلات لەعێراقدا کەوت. هەربۆیە نوزەی گەڕانەوە بۆ چەك جارجارە لەم بازاڕی ئازادەی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا جارجارە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە بەرزدەبێتەوە.بەڵام ڕۆشن نیە دوژمن کێیە؟ ناسیونالیزمی عەرەبی سونە کە هەموو ڕۆژێ کۆنگرەی ئاشت بونەوەی نیشتمانی بۆ دەگرن ،یاخود سیستانی کە دەچنە زیارەتی ،وە یاخود دۆست وهاوپەیمانی کورد کە ئەمریکایە. فیدرالیزمێك کە یەکێتی وپارتی شەڕ دەکەن لە پێناویدا لەلایەن هیچ کام لەم لایەنانەوە قبوڵ ناکرێت و جگە لەڕێگای سازش و مساوەمە ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نیە. ئەوەی لەسەر ئەم مێزی مفاوەزات و سازشانە دانراوە چارەنوسی خەڵکی کوردستانە و ئەمە سەرمایەی ناسیونالیزمی کوردە لەم عەرز و تەڵەبەی بەشی لە دەسەڵاتدا. بەلام ناسیونالیزمی کورد ئەمڕۆ هەر بەوەشەوە ناوەستێ کە ئەم بازرگانیە بەسەر چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە بکات بەڵکو دەیەوێت خەڵکی کوردستان خۆشیان بکات بە وەسیلەیەکی فشار لەم مامەڵەیەدا.ئێستا دەبینین یەکێتی وپارتی بە پێچەوانەی مێژووی کاری سیاسیانەوە کە سەرکوتی هەردەنگێکی تری خەڵکی کوردستان بوە و لەسەرکوتی ئازادیە سیاسیەکان لەشاخ و لە شاردا دەستی باڵایان هەبوە ئێستا بونەتە مینبەری دیموکراتی و باس لە رفراندۆم دەکەن . بەڵام دیسانەوە لەسنورێك کە خۆیان پێویستیانەو هەر دەنگێکی نارازی دەبێت بچێتە خزمەت وەسیلەکانی فشاری خۆیانەوە نەك ببێتە فشار لەسەر خۆیان . ئەوانەشی ئەمڕۆ بەناوی " رفراندۆمەوە" کاردەکەن دەبینین چۆن لەگەڵ بای ئەم پێویستیانەی ئەحزابی حاکم بەلەمی دەنگەکانیان دەجوڵێنن.

خەڵکی کوردستان قوربانی باڵادەستی ناسیونالیزمی عەرەبی و هاوپەیمانێتی غەرب بون لەڕابردودا و ناسیونالیزمی کوردیش لەڕێگای بازنەی شەڕو مفاوەزاتەکانیەوە خەباتی خەڵکی کوردستانی بەلاڕێدابردوە.بەڵام لە سیانزە ساڵی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان قوربانی ڕاستەوخۆی سیاسەت و دەسەڵاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد خۆی بوە و هەموو ئەو فرسەتانەی لەنێو بردوە کە لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا بوە بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاربون لەدەست هەڕەشەی گەڕانەوەی ستەمی قەومی. لەم سیانزە ساڵەدا خەڵکی کوردستان لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە کراوەتە قوربانی شەڕی ناوخۆ و کەوتنە دوای وەعدەی بەتاڵی ئەمریکا و پێش لەشکری دەوڵەتانی تورکیا وئێران و بەهێزکردنی هێزە ئیسلامیەکانی و بونە پردی شیعەی سیاسی بۆ گەشتنە دەسەلات .ئەمڕۆش دوای ئەم هەموو لەدەستدانی فرسەتانە ڕێگای پاشکۆکردنی چارەنوسی خەڵکی کوردستانیان بە دەوڵەتێکی عەرەبی سونی و شیعە گرتۆتەبەر لەبەرامبەر وەعدی بەشداریکردنیان وەك کاربەدەستی پلە دوو لەو حکومەتەدا.ئەم تەسلیم بونانەش لەژێرناوی هاوپەیمانێتیدا پاساو دەدەن.بێگومان خەڵکی کوردستان بە پێی تەجروبەی مێژوویی خۆی و بە پێی ئاگایی سیاسی خۆی لە نەخشەی سیاسی دنیای ئەمڕۆ بەهۆی میدیا و شەبەکەی زانیاری جیهان داگرەوە دەزانێت ئەم سیناریۆیە بەرەو چ ئایندەیەکی تاریك و چ بێمافیەکی دەبات.قسەی دوژمنانی خەڵکی کوردستان لە سیستانی و جەماعەتی صدر ومەجلس ئەعلاوە بگرە تا ناسیونالیزمی عەربی سونی ، لە وولاتانی دەوروبەرەوە تا ئەمریکا و غەرب ئاشکرایە و ڕۆشناییەك لە هیچ شوێنێکەوە نابینرێت.وەزعیەتی دیفاکتۆی تائێستا بەرەو یەکلایی کردنەوەی دەسەلاتی مەرکەزی بەسەر کوردستاندا دەچێت و ئەمەش بە پرۆسەیەکی پڕ لە خەتەری هەڵگیرسانی شەڕ و کێشەی نەبڕاوە لەنێوان ناسیونالیزمی کورد و ڕەقیبە"هاوپەیمانەکانیدا" تێپەڕ دەبێت نەك لەڕێگای هەڵبژاردن و سەلماندنی مافی خەڵکی کوردستانەوە. شەڕی تەقسیمی فیدرالی دەسەلات وناوچەکان و دەستور و پۆستەکان و هێزی چەکدار وسوپا و نەوت و داهاتەکان ئەگەر لە ژێر فشاری ئەمریکاشدا لانی کەمی ڕێکەوتنیشی لەسەر پێك بێت ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك پابەندبون پێ و

مانەوەی مسۆگەر بکرێت.تەنانەت ئەگەر شانسی هەلبژاردنیش هەبێت قبوڵکردنی ئەنجامەکانی بەوەی کەمایەتی مل کەچی زۆربە بێت دورە لە باوەڕەوە.هەربۆیە خەڵکی کوردستان لەم دەورەیەدا لە سایەی سیاسەتی فیدرالیزمی ناسیونالیزمی کوردا جگە لە بونە قوربانی هیچ شتێکی تری بە نسیب نابێت.خەڵکی کوردستان قوربانی سیاسەتی فیدرالیزمی قەومی ناسیونالیزمی کوردە.

بەبڕوای من ڕێگاچارەی خەڵکی کوردستان لەوەزعیەتی ئێستادا جیابونەوە لەعێراق و سەربەخۆکردنی کوردستانە. لەم پێناوەدا پێویستە لەکوردستان رفراندۆمێکی ئازادانە بەرپابکرێت کە پرسیارەکەی بریتیی بێت لەوەی ( ئایا دەنگ دەدەیت بە سەربەخۆیی کوردستان یان نا ؟ ) . دیارە کە جگە لەم دوو ڕێگایە ،جیابونەوە یان مانەوە ،ڕێگای سێهەم نییە. فیدرالیزم واتە مانەوە لەعێراقدا بەهەر مەرجێکەوە بێت . فیدرالیزم وەك لەسەرەوە باسم کرد نەك ڕێگاچارەی کێشەی کورد نییە بەڵکو درێژە پێدانی ئەو کێشەیە کە سەرچاوەی شەڕ و نائارامیەکی هەمیشەیی دەبێت لە نێوان ناسیونالیزمی کورد و ڕەقیبە" هاوپەیمانەکانیدا" و خەڵکی کوردستان وەك هەر ئەم تەحروبانەی حکومەتی کاتی و بڕیاری مەجلسی ئەمن نیشانی داوە تەنها دەبێتە قوربانی وهیچیتر.بۆیە ئەوەی ئەمرۆ خەڵکی کوردستان پێویستیەتی پۆستی سەرۆکایەتی لە حکومەتی سێگۆشەی ( شیعە- سونی- کورد ) دا نییە ، بەڵکو جیابونەوەی خەڵکی کوردستانە لە حکومەتی شیعە وسونی قەومی عەرەبی و پیکهێنانی حکومەتێکی غەیرە قەومیی و سکۆلارە لە کوردستاندا. ئەوەی ئەمرۆ خەڵکی کوردستان لەمەجلسی ئەمنی داوا دەکات فیدرالیزم و قانونی کاتی تەقسیمی دەسەڵات لەنیوان( شیعە- سونی- کورد ) دا نییە ،بەڵکو سەلماندنی مافی سەربەخۆیی کوردستان و سەرپەرشتی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانە. خەڵکی کوردستان تاکو 30 حوزەیران و تاکو دانانی دەستوری کاتی دەبێت داوای ( رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ) بەرزبکاتەوە و کار بکات بۆ سە پاندنی لە عیراق و لە نەتەوەیەکگرتوەکاندا. ئەوەی ناسیونالیزمی کورد بەناوی " رفراندۆم" پشتیوانی لێدەکات لەڕاستیدا چەواشەکردنی خەڵکی کوردستانە لە ( رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ) . " رفراندۆم" ێك کە ئەوان باسی دەکەن هیچ بەدیل وچارەسەرێکی پێنییە . ئەبێ بپرسین رفراندۆم بۆچ شتێك . هەردوو حزبی حاکم کە سوکانی بزوتنەوەی"رفراندۆم" یان بەدەستەوەیە جگە لە پرسیاری (فیدرالیزم یان مانەوە ؟) شتێکی تر بەخەڵك نالێن. لەکاتێکدا فیدرالیزم بەتەنها ناتوانێت لە کوردستاندا بخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر سەرجەم خەڵکی عیراق ڕا پرسی نەکرێت سەبارەت بە پێکەوە مانەوە و ئیتحاد و فیدرالی. هەربۆیە ئەوانەی دەیانەوێت خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکەن ودوای چەواشەکاری ئەحزابی حاکم نەکەون بابێن پەیوەست بن بە حەرەکەتی ( رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ) ەوە کە لەچەند ساڵی ڕابردووەوە وەك کەمپینیك کاری جدی لەم پێناوەدا کردوە . ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە کە خەڵکی ناڕازی کوردستان ڕاستەوخۆ خۆی بێتە مەیدان و بە شیعاری ( رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ) ەوە خۆی لە عیراق و لەبەردەم نەتەوەیکگرتوەکاندا نیشان بدات و هێزی مەزنی خۆی بخاتە کار بۆ ڕزگارکردنی چارەنوسی خۆی و ئەمجارە ڕێگە نەدات بکرێتە قوربانی سیاسەتی فیدرالی دۆڕاو. ئەمە دەورەیەکی مێژوویی چارەنوس سازە بۆ خەڵکی کوردستان ودەبێت ئەم دەرفەتەی ماوە نەیەڵین لە دەستمان بچێت.

**ئاسۆ کمال**

**ناوەراستی حوزەیرانی 2004**

## سەرکەوتوبێت خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناو ئایندەیەکی باشتردا

## سەنتەری رفراندۆم بۆ کوردستان

**PO BOX 1575 ILFORD IG1 3B2**
**TEL:07795330896 & FAX:08701382283**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com**